## پێناسەی دیدەوانی( تعريف الكشافة ): Scouting definition

بریتیە لە بزووتنەوەیەکی پەروەردەی خۆبەخشی بێ گوێ دانە لایەنی سیاسی دەرگای والأیە بۆ هەموو کەسێك بێ جیاوازی کردن لە چینایەتی یان ڕەگەز یان بیروباوەڕ بە پێی ئەو ئامانج و مەبادیئانەی بادن باوڵ دایڕشتوە.

## مێژووی دیدەوانی( تاريخ الكشافة ):Scouting History

ئەم بیرۆکەیە دروست بووە لەسەر دەستی دامەزرێنەر ( لۆردبادن باول ) کە ناوە ڕاستەقینەکەی ( جۆرج ستیفن بادن باول )ە ئەوەی کە خۆی پی کەیاند بە توانای خوی، خوولیای لاسایی کردنەوەو ( تمثيل ) بوو زۆربەی کاتە کانی بەسەر دەبرد لەودارستانەی کە نزیك قوتا بخانەکەی بوو کاتێ کە تەمەنی کەیشتە( ١٩ ) ساڵ بیری کردەوە کە بچێتە قووتا بخانەی سەربازی کە دووەم بوو لە سوار چاگی چوارەم بوو لە پیادەیی لە کۆی ( ٧٠٠ )قووتابی،بەم جۆرە ژیانی دەستی پی کرد،هەڵسا بە کاروباری سەربازی زۆر کە لە سەر ئەستۆی بوو، وگەشتی بۆ زۆر وولأتانی جیهان کرد بوو.( بادن باوڵ ) لەنێوان هۆزەکانی ئەفریقی دەژیا ئەم هۆزانە پێیان دەوترا ( هۆزەکانی زۆلۆ ) و( سوزای ) ئەم هۆزانە سیستمەگی تایبەتیان هەبوو لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان کاتێ کە تەمەنیان دەگەیشتە ( ١٥ ) ساڵ دەبوایە بەزۆر مانگیگی تەواو لەناو دارستان ژیان بباتە سەر ئەسپ و رمیان پێ ئەداو پێوویست بوو لەسەر خۆی خۆی لە مەترسی درندەکان بپاریزێ و نان بۆ خۆی پەیدابکات .ئەگەر توانی ئەم مانگە بباتە سەرو گەرایەوە ناو هۆزەکەی ئەوا پێشوازیەگی کەرمیان لێ دەکرد وەهێمایەگی بە ملی وە دەکەن ( پێش چونە سەربازی ) پی دەوترا ( سوار چاگی هۆزەکە )( فارس قبيلة ) وە ( مافکینغ ) شوینێك بوو کە ( بادن باوەل ) لێی بەرپرس بوو ( هۆزەکانی بوێر ) ئەو شارەیان گەمارۆدا کەس نەبوو تەنها چەند ولأت پارێزێکی کەم نەبێ و سنووری شارەکەش فراوان بوو.( بادن باول ) بە بەژداری هەموو سەربازە کان بریاری دا ئەم گەمارۆیە بشگێنێ،کاروباری خواردن و فریاکەوتنی سەرەتایی و کارەکانی بەرگری شارستانی و کارەکانی تری دایە ئەوانەی تازە مەشقیان تەواو کردبوو.

توانیان ئەم گەمارۆیە هەڵگرن لەسەرشارەکە دوای ( ٢١٧ )ڕۆژ،دوای گەڕانەوەی ( بادن باوڵ ) ویستی بزووتنەوەی دیدەوانی بلأو ببێتەوە لە ساڵی ( ١٩٠٧ )یەکەم خێوەتکای تەجریبی کردەوە وە

لەساڵی( ١٩٠٨ ) پەرتووكەگی بەناوی ( دیّدەوانی بۆ لاوەكان )( الكشفيةللفتيان ) دانا وەلەساڵی( ١٩٠٩ )خوشكی سەرپەرشتی بزووتنەوە ڕابەرانی كرتە ئەستۆ لەساڵی( ١٩١٢ ) پەرتووكەگی بەناوی( پەرتووگی رابەران ) دانا لەدوای ئەم بزووتنەوەیە وردەوردە پەرەی سەندوو بلاّوبووەوە لە جیهان یەكەم خرِبوونەوەی دیدوانی جیهانی لە ساڵی( ٣٠تەموزی ١٩٢٠ ) لە شانشینی یەگرتوو( المملكة المتحدة ) ئە نجام درا.

**ديدوانی لەعيرق: Scout Movement in Iraq** لە هەندێ لە پاریزگایە كانی عیراق تیپی دیدەوانی دروست بوو لەبەغدا و مووسڵ كەركوك و ناسریە. وە یەكەم خربوونەوە ی دیدەوانی عیراقی لە ٢٢ ئابی ١٩٢٥بوو بەبەژداری ( ٢٥ ) مامۆستاكە ( ٣ )هەفتەی خایاند،سەرۆگی ئەم بزوتنەوە دیدەوانیە لە عیراق بەرِێز ( جميل راوی ) خوا لێ خۆ ش بوو ( عبدالكريم عسيران ) بوو.

**ديدوانی لە هەریّمی كوردستان: Scout Movement in the Kurdistan Region**

بزووتنەوەی دیدەوانی لە كوردستان بلاّوبووەوە لە هەولیّرو دهۆك و سلیّمانی لەساڵی ( ١٩٥٩ )، پاشان زۆر تیپی دیدەوانی لە قوو تا بخانە كان درووست بوو ، زۆر بایە خی پیّدرا لە ساڵانی ( ١٩٧٠ تاكو ١٩٨٠ )بە لاّم لەدوای ڕا پەرینە مەزنەكەی ساڵی( ١٩٩١ ) ئەم بزوتنەوەیە پەرەی سەندوو كرنگی تەواوی پیّدرا لەكوردستان،شاری هەولیّرو هەموو شارەكانی تری كوردستان چەندین خیّوەتگای هاوینی وبەهاری ساز دەكەن بۆقوتا بخانەكانی سەرتایی و ناوەندی و دواناوەندی كوڕان وكچان هەروەها كۆلیّژە كانیش بە تایبەتی زانكۆ ی سەلاحەدین.

**ئاما نجی دیّدەوانی( اهداف الكشافة ): Scouting goals**

١- لایەنی پەروەردەیی.

٢- لایەنی كۆمـەلایەتی.

٣- سیستەم.

٤- گەڕان.

٥- پەروەردەی نیشتمانی.

٦- پەروەردەی وەرزشی.

٧- خزمەتی گشتی.

## Scouting goals

Educational aspects -1

The social aspect -2

The system -3

Search -4

National education -5

Physical education - 6

Public service -7

**قۆناغەکانی دێدەوانی( المراحل الكشفية ):**

**١- قۆناغی منداڵی( براعم ) Childhood stage لەتەمەنی ٣- ٧ ساڵ کوڕان و کچان.**

**٢-قۆناغی بێچوە شێران ( الاشبال ) Young lions لەتەمەنی٧-١١ ساڵ کوڕان.**

**٣- قۆناغی گوڵەکان( الزهرات ) flower لەتەمەنی٧-١١ ساڵ کچان.**

**٤- قۆناغی دێدەوان( الكشاف ) Scout stage لەتەمەنی١١- ١٤ ساڵ کوڕان.**

**٥- قۆناغی ڕابەر( المرشدات ) Girl Guides لەتەمەنی١١- ١٤ ساڵ کچان.**

**٦- قۆناغی دێدەوانی پێش کەوتوو( الكشاف المتقدم ) Advanced Scout لەتەمەنی ١٥-١٧ ساڵ کوڕان.**

**٧- قۆناغی ڕابەرانی پێش کەوتوو( المرشده المتقدمه ) Advanced Counselor لەتەمەنی١٥- ١٧ ساڵ کچان.**

٨- قۆناغی گەڕۆك( جوال ) roving لەتەمەنی١٧-٢٥ ساڵ کوڕان.

٩- قۆناغی فەرماندە( القیادە ) Leader : پاش ئەوەی لەقۆناغی گەڕۆکی تەواو دەبێت و بەرەو سەرەوە.

١٠- قۆناغی ڕەواد( الرواد ) Pioneers :لەتەمەنی ٤٠ ساڵی بەرەو سەرووەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەدێدەوانی یان سەرپەرشتی کردنیان نیە بەڵکو وەکو شارەزان.

**پە یمانی گوڵەکان( وعد زهرات )**

**Promise of flower**

١- ئەو ئەرکەی لەسەرشا نمە بیکەم بەرامبەر بەخواو بەنیشتمان.

٢- یارمەتی هەمووکەسێك بدەم لە کاتی خۆشی و ناخۆشی.

**یاسای گوڵەکان( قانون الزهرات ): law of flowers**

یاسا بریتیە لە دوو بەند کەناوەرۆکێکی جوانی هەیە بۆ قورس کردنی سەنگی ئافرەت کە پێك دێت لە :

١-گوڵەکان گۆرایەڵی ئەوکەسانەدەکەن کە لەخۆیان گەورەترن.

٢- گوڵەکان دەست بەرداری حەز و ئارەزووەکانی خۆیان نابن.

**سڵاوی گوڵەکان( تحیة الزهرات ):**

**flower greetings**

ئەوسڵاوە بەدەستی ڕاست دەکرێت، بە بەرزکردنەوەی بۆ سەربرۆی ڕاست بە درێژی پە نجەی شەهادە و بالابەرزە بەشێوەك دەکرێتەوە وەك شێوەی ژمارە( ٧ ) دەلالەت لە پە یمانی گوڵەکان دەکات.وە پە نجەی گەورە خواردەبێتەوە بەسەر پە نجەی توتەو برای توتە دەلالەت لەسەر سۆزی گەورە بۆ بچووك وەرێزی بچووك بۆ گەورە دەکات.



**پەیمانی ڕابەران( وعد المرشيدات )**

Guides Promise

**پەیمانی ڕابەران پێك دێت  لەم بەندانەی خوارەوە:**

**١- ئەو ئەرکەی لەسەرشانمە بیکەم بەرامبەر بەخواو بەنیشتمان**

**٢- یارمەتی هەمووکەسێك بدەم لە کاتی خۆشی و ناخۆشی**

**٣-  پەیرەوی یاسای دێدەوانی بکەم.**

**یاسای ڕابەران( قانون المرشيدة ):**

Guides law

**١- ڕابەر ڕاستگۆیە و باوەڕ بەشەرەفی دەکرێت.**

**٢- ڕابەر باوەڕی بە خوا هەیە و دڵسۆزە بۆ نیشتمان ودایك و باوکی و سەرۆك تیپەکەی.**

**٣- ڕابەر بەسوودە و یارمەتی هەموو کەسێك دەدات.**

**٤- ڕابەر هاوڕێی هەموو کەسێکە و خوشکی هەموو ڕابەرێکە.**

٥- ڕابەر خوو ڕەوشت بەرزە.

٦- ڕابەر هاوڕێی هەموو روح لەبەر و زیندەوەرێکە.

٧- ڕابەر هەموو فەرمانێك جێ بەجێ دەکات.

٨- ڕابەر هەمیشە بەسینگی فراوان گیروکرفتەکانی خۆی بە پێکەنینەوە جێ بەجێ دەکات.

٩- ڕابەر دەست بلاٌو نیە و بەقەدەر بەڕی خۆی پێی رادەکێشێ.

١٠- ڕابەر پاك و خاوێنە لەبیرو باوەر و قسە کردن و کردەوەی خۆی.

## سلاٌوی ڕابەران( تحية المرشدة ):Guide Greeting

ئەو سلاٌوەی ڕابەر ئە نجامی دەدات بەرامبەر بە سەرۆکەکەی یان پێشەنگەگەی( قائد، عريف طليعة ).وەئەم سلاٌوە بەدەستی ڕاست دەکرێت، بە بەرزکردنەوەی بۆ سەربرۆی ڕاست بە درێژی ئەو سێ پە نجەیە شەهادە و بالاٌبەرزە وبرای تووتە دەلالەت لە پە یمانی دێدەوانی دەکات.

وەدەبێت پە نجەی گەورە خواربێتەوە بەسەر پە نجەی بچوك دەلالەت لەسەر سۆزی گەورە بۆ بچووك وەرێزی بچووك بۆ گەورە دەکات ،ئەو بازنەی کە پە نجەی گەورەو بچووك دروستی دەکەن دەلالەت لە ئاشتی و خۆشەویستی و هاوکاری یەکتر دەکەن.



## Guides Promise وعد الكشافه

اعد بشرفي أن ابذل قصارى جهدي في ان اقوم بواجبي نحو الله ثم الوطن ، وان اساعد الناس في جميع الظروف ، وان اعمل بقانون الكشافة .

## ڕێ ورەسمی بەرزکردنەوەو هێنانە خوارەوەی ئالاَ( مراسيم رفع العلم):

## Flag raising and lowering

**تیپی دێدەوانی کۆدەبێتەوە لە دەوری ڕاگری ئالاَ بە شێوەی ناوچە یان لە سەر شێوەی لاکێشەی کراوە فەرماندەش بە پۆشاگی دێدەوانی لای دەروازەکە ڕادەوەستێ سەرکردە یاخود فەرماندەی پۆل هەڵدەستێ بە پێدانی فەرمان بۆهەمووان بۆ ئامادە باشی و جێ بەجێ کردنی ڕێ و رەسمی بەرزکردنەوەی ئالاَ .**

**فەرمانیش بەم جۆرە دەبێت :**

**((کروپی بەرزکردنەوەی ئالاَ .......بۆ بەرز کردنەوەی ئالاَ........ بۆ پێشەوە .......برۆ)) کروپی بەرزکردنەوەی ئالاَ لە سێ(٣) دێدەوان پێك دێت ،بەرز کەرەوە و دوو پاسەوان بەرەو پێشەوە**

هەنكاو دەنێن لەدەرەوەی ناوچەكە یا خوود لاكێشە كە بەرەو كراوی رووی ڕاگرەی ئالاٌ پاشان بەرەو ڕاگرەكە دەچنە پێش بە چەند هەنگاوێك یان دووان ڕادەوە ستن پاشان بەرز كەرەوە بە هەنكاوێك بەرەو ڕاگرە هەنگاو دەنێ پاشان ئەو پەتەی كەلە خوارەوەی راگرە بەستراوە دەیكاتەوە و لەسەرشانی راستەی دادەنێ و دوایی بەرزی دەكاتەوە تا ئەوكاتەی ئالاٌیەكە دەگاتە تەوقی سەری هەڵدەستێ بە پێدانێ فەرمان بۆ هەمووان بە پیقی سلاٌو كە ئەوانیش سلاٌو دەكەن و سروودی (ئەی رەقیب هەرماوە قەومی كورد زوبان) لەگەڵ سلاٌو كەن دەست پێ دەكات و برگەی یەكەمی سروودەكە دووبارە دەكرێتەوە سەرجەمی دێدەوانان بە دیدێگی كراوە دەڕواننە ئالاٌیەكە و سلاٌوە كەشیان هەر بەردەوامە تا ئەو كاتەی ئالاٌیەكە دەكاتە شوێنی تایبەتی كە ترۆپكی ڕاكرەكە بە پەتەكە لە ڕاگرە جێگیر دەكرێتەوە و ئالاٌ بەرز كەرەوەكە بە سلاٌو كردن بە هەنكاوێك بەرەو دواوە دەگەرێتەوە شوێنی خۆی لە نێوان پاسەوانەكاندا، پاش كۆتایی هاتنی سروودە نیشتمانیەكە دەستی خۆیان نزم دەكەنەوە و بەلای چەپدا دەسوورێنەوە و بە (٣) هەنگاو بەرەو پێش دەڕۆن و پاشان بە خۆشرەوی(هرولة) دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان لە ناو تیپەكەدا.

هەمان هەنگاو ڕێگا بۆ هاتنە خوارەوەی ئالاٌ بەكار دێت،بەلاٌم لەم حاڵەتەدا مۆسیقای تایبەتی لەگەڵ چرینی سروود بۆ هاتنە خوارەوەی ئالاٌیەكە بەكار دێت یان بەكارهێنانی (فیكە) بۆ ئەم مەبەستە بەكاردێت،ئالاٌیەكە دەق دەكرێ و لەخوارەوی ڕاگرە كە جێگیر دەكرێت و تیپی بەرز كەرەوە بەلای چە پیاندا دێنەوە شوێنی خۆیان.

**ڕێسا گشتی یەكان بۆ ئالاٌی نشتمانی بۆ بۆنە جیاوازەكان: (القواعد العامة لسير ووضع العلم في المناسبات المختلفة)**

خەڵك لەكۆنەوە وای كردوە كە هەرنەتەوەیەك دروشمێك بۆ ژیانیان دابنێن و ڕوخساری هێزو ئارمی شەرەفیان بێت،ئەو ئالاٌیە بەرز دەبێتەوە چاوەكان سەیری دەكەن لەبەرزیەوە لەهەموو لایەك ئەگەر بەرز كرایەوە ڕێزو سەروەری بۆ دادەنوێنن.

ڕێسای گشتی هەیە بۆ دانانی ئالاٌ لە بۆنە جیاجیاكاندا:

١- لە كاتی ڕۆیشتنی ئالاَ لە گەڵ ئالاَی تر ئەوا هەڵگرەكەی دەبیَ لە پیَشەوە یان لە ناوەڕاستی ئالاَیەكانی تر بڕوات.

٢- ئالاَی نشتمانی بەتەنها بەرز دەكریَتەوە كەدەبیَت لە پیَشەنگ بیَت وە ئەكەر لەگەڵ ئالاَی تر بەرز كرایەوە ئەوا لەسەر ستونی ئالاَی سەربەخۆ بەرز دەكریَتەوە یان لەسەر ستونی ئالاَی بەیەكەوە بەستراو لەگەڵ ستونە بنەڕەتیەكەی ئالاَی نشتمانی دەبیَت.

٣- كرداری بەرز كردنەوەی ئالاَخیَرایە و دابەزاندنی لەسەر خۆیە نابیَ هیچ بەشیَگی ئالاَكە بەرزەوی بكەویَ لە كاتی دابەزاندن.


٤- ئەگەر ئالاَكە لەگەڵ چەند ئالاَیەكی تر بەرز كرایەوە لەستونی جیاوازو لەسەر یەك هیَڵ دەبیَ لەلای ڕاستی بیَت و بە هەمان بەرزی بیَت.

٥- ئەگەر ئالاَی نشتمانی لەگەڵ ئالاَیەكی تر بەشیَوەی یەكتر بڕ بوو دەبیَ ستونی ئالاَی نشتمانی لەسەر ستونی ئالاَكەی تر بیَت وە لەلای ڕاستیش بیَت.

٦- ئەگەر لەتەنیشت گوتە بیَژ دا دانرا لە كۆڕو كۆ بوونەوەیەكدا دەبیَ لەلای ڕاست دابنریَ وەلە سەر ستونیَك بیَت و نابیَت ئالاَ لەسەر میَز ڕا بخریَت.

٧- لەكاتی نزم كردنەوەی ئالاَ لە ماتەمینی فەرمی ئەوا تاكۆتایی ستون بەرز دەكریَتەوە ئینجا بۆ سیَ چارەگی ستونەكە نزم دەكریَتەوە و لەكۆتایی ماتەمینەكە بۆ سەرەوە بەرز دەكریَتەوە ئیجا دادەبەزیَنریَتە خوارەوە.

٨- ئەگەر ئالاَی نشتمانی بەشیَوەی شاقولی( رأسي )یان ئاسۆیی( أفقي )دانرا لەسەر دیواریَك دەبیَت بەم جۆرەبیَت.





٩- ئالاّ بەرز دەكرێتەوە لەسەربـازگە دێدەوانیەكان لەدوای پشكنین و پێش دەست پێكردنی پرۆگرامی بەیانی.

١٠- ئەو ئالاّیانەی چیتر بەكار ناهێنرێن لە سندوقێكی تایبەت دادەنرێن و لەگەڵ هەر ئالاّیەك بەڵگەنامەیەكی بۆ دادەنرێ باسی ئەو رووداوانە دەكرێ كە ئەوئالاّیەی تیادا بەرزكراوەتەوە.

**دەق كردنی ئالاّ( طی العلم ):**

لەكاتی دابەزاندنی ئالا دەبێ دەق بكرێ بەرێگەی دێدەوانی و لە خوارەوەی ستونەكە دەبەسترێتەوە لە بەیانی رۆژی دواتر بەرز دەكرێتەوە ئەگەر سەربازگەكە بۆ چەند رۆژێك بوو،ئەگەر دواین رۆژ بوو دەبێ ئالاّكە بكرێتەوە لەستوونەكە وە دەق بكرێت و ماچ بكرێت لەلایەن ئەوكەسەی ئالاّكە دادەبەزێنیتە خوارەوە ئینجا دەیدا بەو كەسەی كە جاری دا هاتوو بەرزی دەكاتەوە .ئەوەی وەری دەگرێت دەبێ ماچی بكات و هەڵی بگرێت لای خۆی،بەلاّم دەق كردنی ئالا دەبێ بەدرێژی بێت و دووجار دەق بكرێت تاكو پانیەكەی ببێتە چارەكی پانیەكەی خۆی،ئەو لایەی بەجێ ماوە بەشێوەی زكزاك چارەكێك دەق دەكرێ،لە پاشان وەكو لولە لول دەدرێ و رەنگە سورەكەی دیاربێت و شوێنی هەڵواسینی لای سەرەوەی ئالاّكە لەدەستی راستی ئەوكەسەبێ كە ئالاّكە دادەبەزێنێ ئینجا پەتەكە لول دەدرێ كە لە خوارەوەی ئالاّكەیە لەدەوری قوماشی ئالاّو ستونەكە و ئنجا گرێ بدرێت.

**چۆنیەتی دامەزراندنی تیپی دێدەوانی و پێداویستی یەكانی (كیفیة تشكیل الفريق الكشفي و مستلزماتها )**

١- ئەو قوتابیانەی كە ئارەزوویان هەیە بۆ پەیوەندی كردن بە بزووتنەوە دێدەوانی یا خود تیپی دێدەوانی لەناو قوتابخانەدا بەمەبەستی پێكهێنانی مامۆستای وەرزشی هەڵدەستێ بەباسێكی

تێروتەسەل لەسەر بزووتنەوەی دێدەوانی بەشێوەیەکی سادەو رێك و پێك تەئکیدیش لەسەر ئامانج و مەبەستەکانی دەکات بۆ ئەوەی بێتە ناو تیپی دێدەوانی بەئارەزوی خۆیان بە جۆش و خرۆشەوە.

٢- مامۆ ستای پەروەردەی وەرزشی هەڵدەستێ بە پۆلین کردنی قووتابیان لەسەر شێوەی کۆمەڵەکان (شەشانی)(السداسیات)لە قۆناغی سەرەتاییەوە وە هەر کۆمەڵێك لە (٦)گوڵ پێك دێت فەرماندەش دەکرێتە خۆ کە هەڵدەستێ بە مەشق کردنیان لە سەر چۆنیەتی ڕۆیشتن و ڕاوەستان بەشێوازێکی راست و دروست،بە مەرجێ نابێت لە (٣) تیپ کەمتربێت کە ژمارەیان دەکاتە (١٨)گوڵ وە لە (٢٥) گوڵ زیاتر نەبێت وە فەرماندەش بکرێتەوە خۆ.

بەلآم لە قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی مامۆ ستای وەرزشی هەڵدەستێ بە پۆلین کردنی قووتابیان لەسەر شێوەی پێشەنگانی دێدەوانی وە هەر پێشەنگێکیش لە (٨)دێدەوانی پێك دێت و عەریفی پێشەنگ و یاریدەرەکەی دەگرێتە خۆ وە نابێ لە (٢) پێشەنگ کەمتربێت کە ژمارەیان (١٦) دێدەوانی یەو لە (٤) پێشەنگ زیاتر نەبێت کە ژمارەیان (٣٢) دێدەوانیە و فەرماندەی پۆل و یاریدەرەکەی دەگرێتە خۆ.

١- یارییەگی دێدەوانیان پێ دەدرێت کەدەبێتە هۆی یەکتر ناسین و تێکەڵ بوونی دێدەوانان .

٢- چیرۆگێکی ئاینیان بۆ دەگێریتەوە کە لە گەڵ هزرو زاخاوی مێشگیان بگونجێ کە پێویستە ئەرکەکانی ئایینی جێ بەجێ بکرێت.

٣- پالآوتنی فەرماندەی پۆل یاخود عەریفی پێشەنگ دوا دەخرێ بۆ کۆبونەوەکانی (٣-٤).

تا فەرماندە بتوانێ جیاوازی کەسایەتیان بکات و دەرخستەی لایەنی فەرماندەی دەربخات بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند دەتوانی بەرپرسیاریەتی پێشەنگایەتی هەلگرێ.

١- فەرماندە / مەبەستمان لە فەرماندە (مامۆ ستای وەرزش) ە هەڵدەستێ بە مەشق کردنی عەریفەکانی پێشەنگ و فەرماندەکانی پۆل لەسەر (میتۆد) پرۆگرامی بزووتنەوەی دێدەوانی.

٢- لەکاتی مەشقکردندا فەرماندە هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی رەفتارو خورەوشتی ئەو دێدەوانانە لەرووی ئارەزوو و بە هێزو بێ هێزیان وە رێنمایی کردنیان بە شێوەیەکی رێك و پێك.

٣- بەم ڕێگایە فەرماندە دەتوانێ تیپی دێدەوانی یان تیپی گوڵەکان یان تیپی ڕابەرەکان لە قوتابخانە پێك بهێنێت و بەشێوەیەگی باشیش مەشقیان پێ بکات.

٤- پێویستە فەرماندە هەڵسێ بەدانانی کۆبونەوەکانی هەفتانەی دێدەوانی لە قەتابخانەدا و هەر کۆبونەوەیەك لە (١) کاتژمێر کەمتربێ.

٥- دیاری کردنی ڕۆژێك لە ڕۆژانی هەفتە بۆ کۆبونەوەی تیپی دێدەوانی .

٦- پێویستە پرۆگرامی تایبەت بۆ هەر کۆبونەوەیەك لە کۆبونەوەکانی تیپی دێدەوانی دابنرێت و پێویستیشە دێدەوانیەکان بەشداری لە دانانی پرۆگرامەکان بکەن.

٧- لەکاتی دانانی پرۆگرامەکان پێویستە ڕەچاوی لایەنی ڕوحی و کۆمەڵایەتی ونیشتمانی و وەرزشی و تەندروستی و ڕۆشنبیری بکرێت.


٨- پێویستە بۆ هەرتیپێکی دێدەوانی لە قوتابخانەدا (٣) ئاڵای هەبێت:

أ/ ئاڵای کوردستان flag of Kurdistan: پێویستە ئاڵای کوردستان بە شێوەی لاکێشەیی بێت و پانی سێ بەشی – درێژی بێت (عرض ثلثى طولە)لەکاتی گەزەنگدا (خۆرهەلآت) بەرز بکرێتەوە و لەکاتی خۆر ئاوا بوو نیشدا دادەبەزێت (دێتە خوارەوە).



ب/ ئاڵای دێدەوانی / ئاڵا لە(قوماشی) ی flag of the scouts لاکێشە دروست دەکرێت و درێژیەکەی (١٥٠سم) بێت و پانیەکەی (٧٥سم) بێت و ڕەنگی زەرد بێت و لە ناوەراستی دا ئارمی دێدەوانی بەرەنگی زەرد لەسەربنووسی .

ج/ ئالاّى پيّشەنگ (الطليعة الكشفية) flag of the vanguard: لە قوماشى سپى و اە شيّوەى سىّ گۆشە دەبيّت بنكەى (٢٥سم) و بەرزيەكەى (٣٠سم)بيّت و لەناوى ئەو ئارمە دەكريّت كە هيّمايە بۆ ناوى پيّشەنگ




د/ ڕاگرەى ئالاّ(سارية العلم): بريتيە لەستو نيّك ئالاّى لەسەر بەرز دەكريّتەوە وە دريّژيەكەى (٩م) يان كەمتر لە جەمسەرى سەرەوەى دا كلاّويّك هەيە كە ئەلقەى خولخولەى تيايە بۆ ئەوەى بتوانرىّ پەتەكە بجووليّتەوە لە كاتى بەرز كردنەوە و هيّنانە خوارەوەى ئالاّيەكە لە زەويشدا بە شيّوەيەكى راست و باش دەبىّ جيّگيربكريّت،لەبەرزايى (٢م) لە ئاستى زەوى دا ئەلقەيەك هەيە لە ئەستوونەكەدا بۆ ئەوەى پەتەكە لەڕاگرەكە جيّگيربكريّت و نە بزويّت لە كاتى بەرز كردنەوەى ئالاّ كە.

**ئاهەنگ و بەڵێنی دێدەوانی( وعد الكشاف):**

**ڕێ بەو نەو جەوانانە نادرێت کە پۆشاکی دێدەوانی بپۆشن و ببێتە دێدەوان  هەتا ئەوکاتەی لەتاقی کردنەوەدا دەردەچێ پاش دەرچوونی لە تاقی کردنەوەدا پەیمانی دێدەوانی لەئاهەنگی دێدەوانی دەڵێ.**

**ئاهەنگەکەش لەسەر ئەم سیستەمە و بەم شێوەی خوارەوە دەبێ:**

**١/  دێدەوانان بە پۆشاگی دێدەوانی لەسەر شێوەی نارچەی ئەسپ** (حدوه الحصان) **لە دەوری ئالا ڕادەوستن کە فەرماندە و یاریدە دەرکەی و عەریفی یەکەم لەلای کراوەی ناوچە رادەوەستن.**

**٢/ عەریفی یەکەم بانگەوازی ئەو نەوجەوانە دەکات کە پەیمان دەدات و عەریفی پێشەنگیش بەرامبەر فەرماندە رادەوەستێ،نەوجەوانەکە سڵاو لە فەرماندە دەکات و لە نێوانیاندا واتە ( فەرماندە و نەوجەوانەکە ) ئەم گفتو گۆ یە ڕوودەدات:**

**فەرماندە/ ئایا وورەت بەرزە بۆ ئەوەی بێیتە ناو بزووتنەوەی دێدەوانی؟**

**نەوجەوان / بەڵێ وورەم بەرزە بۆ ئەوەی بێمە ناو بزووتنەوەی  دێدەوانی؟**

**فەرماندە/ ئایا بریارت داوە بۆ ئەوەی ببیتە  نموونەیەکی باش بۆ دێدەوانان لە کردەوە و قسەو هەڵسوکەوتدا؟**

**نەوجەوان / بەڵێ**

**فەرماندە/ ئایا مانای شەرەفی دێدەوانی دەزانی ؟**

**نەوجەوان / بەڵێ دەزانم ...... شەرەفی دێدەوانی متمانەی پێدەکرێ.**

**فەرماندە / ئایا هەوڵ دەدەی لەژیانی ڕۆژانەتدا بە پێی بنچینەکانی یاسا کار بکەی؟**

**نەوجەوان / بەڵێ...... هەوڵ دەدەم.**

**فەرماندە/ ئایا دەتوانم متمانەی شەرەفی دێدەوانیت پێ بکەم و هەوڵدەی ئەوانەی پێویستە ئە نجامی دەی:**

**أ/ بۆخودا و نشتیمان.**

**ب/ یارمەتی خەڵگی بدەی لە هەموو بارو دۆخێکدا.**

**ج/ بە یاسای دێدەوانی کاربکەی.**

**نەوجەوان / پە یمان بێت بە شەرەفم هەوڵدەدەم ئەوەی پێویستە بیکەم.**

**أ/ بۆخودا و نشتیمان.**

**ب/ یارمەتی خەڵکی بدەم لە هەموو بارو دۆخێکدا.**

**ج/ بە یاسای دێدەوانی کاربکەم.**

**نەوجەوانەکە لەکاتی ئە نجامدانی پە یمانەکە سلاوی دێدەوانی بە دەستی ڕاستەی دەکا وە دەستی چە پیشی لەسەر ئالاَیەکە دادەنێت و عەریفی یەکەمیش ئالاَیەکە بەرامبەر نەوجەوانەکە بەشێوەیەکی ئاسۆی دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا سەرجەم نەوجەوانان و کەسانی تیپەکە سلاو دەکەن تا ئەوکاتەی نەوجەوانەکە لە ووتنی سوێند خواردن یان پە یمانەکە کۆتای پێ دینێ.**

**ئەوسا فەرماندە بەدەستی ڕاستەی تەوقەی لە گەڵدا دەکات و پیرۆزبایی لێ دەکات کە بووەتە یەکێك لە دێدەوانان و یەکێك لە کەسانی تیپەکە و فەرماندە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکات کەببێــتە پیاوێك بە مانای ووشە بتوانرێ متمانەو ئیعتمادی لەسەر بکرێ، تا بتوانێت دەبێت هەوڵ بدات بۆ وە فاداری ئەم پە یمانە کە بەرامبەر برایەکانی لەم ئاهەنگەدا ووتویەتی، پاشان فەرماندە هەڵدەستێ بە پێدانی دار دەستەکەی و یارمەتی دەدات بۆ پۆشینی دەسەسرەکەی (بۆینباغ یان ملپێچ) دێدەوانی و**

**نیشانەی دیەوانی پێ دەبەخشرێ،بەسلاو کردن رووبەرووی دیەوانانی تیپەکە دەبیت وەسلاوەکەی وەردەگرنەوە / پاشان دەگەرێتەوە شوێنی خۆی ناو دیدەوانان.**

## پێشەنگی دیدەوانی (الطلیعة)

هەرتیپێکی دیدەوانی پێکدێت لە (٢-٤) گروپ، وە هەرگروپێک پێک دێت لە (٦-٨) تاکەکەس کە پێیان دەوترێت گروپی پێشەنگ، کە هەر گروپێکی پێشەنگ کەسێک سەرکردایەتی دەکات کە لەلایەن گروپەکەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان کە پێی دەوترێت (چاودێر)، وە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ڕێز و خۆشەویستی و گێڕایەڵی لە نێوان ئەندامانی گروپەکە هەبێت وە نازناوێک و ڕەنگێکی تابەتی بۆخۆیان هەڵبژێرن بۆ ناسینەوەیان لە ناو خێوەتگە.

**بڕۆن و بلاوبن( الانصراف و التفرق ):**

**کاتێك فەرماندە دەڵێ( تیپ .... بڕۆن ) ڕابەرەکان/ دیدەوانان ڕوو دەکەنە لای ڕاست و سلاو دەکەن و پاشان سێ هەنگاو دەنێن لەدوایی تیپ دەڕوات بەلام بلاوبن ڕوو دەکەنە لای ڕاست بەبێ سلاو کردن و سێ هەنگاو دەڕۆن و بلاو دەبنەوە،وە جیاوازی لە نێوان بڕۆن و بلاو بن ئەوەیە کە بڕۆن کۆتایی بە کارو چالاکیەکان دێت بەلام بلاوبن وەرگرتنی پشووە دوای دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.**

## جل و بەرگی دیدەوانی( الملابس الکشفیة )

جل و بەرگی دیدەوانی بەشێکە لەو هێزە پاڵنەرەی کەوا لە دیدەوان دەکات هەست بکات ئەندامێکە لە گروپێکی دیدەوانی خاوەن سیفەتی جوان و سیستەمێکی ڕێک و پێک لە کارکردندا، کاتێک دیدەوان پێویستە جل و بەرگی دیدەوانی بپۆشێت بۆ خێوەتگە یان بۆ گەشتی چونە دەرەوە یان بۆ هەرچالاکیەکی دیدەوانی، مەبەست لە پۆشینی ئەو جۆرە جلو بەرگە تەنها بۆ دیدەوانی نییە بەڵکو بەهای دیدەوانی ڕاستەقینەت پێدەبەخشێت کە بریتیە لە هەرچی سیفەتی جوان و کردەوەی چاک و گیانی هاوکاری کردن.

## پێکهاتەکانی جل و بەرگی دێدەوانی ( الملابس الكشفية )

جل و بەرگی دێدەوانی پێکدێت لە:

کراس کە دوو گیرفان لەسەر سنگی هەیە و دوو سەرشانی هەیە، پانتۆڵ، قایش، کڵاو، دەستەسڕ ، گرێ بۆ بەستنی دەستەسڕەکە، فیکە، گۆرەوی، پێڵاو (کالە).

## کەی جل و بەرگی دێدەوانی دەپۆشرێت ( متى نلبس الملابس الكشفية )

جل و بەرگی دێدەوانی لەبەر دەکرێت لە کاتی :

بەرزکردنەوەی ئاڵا، کۆبوونەوی گروپە پێشەنگەکان، بۆنە فەرمیەکان، گەشتەکان بەگشتی، سەردانەکان، وانەکانی دێدەوانی ... هتد، جل و بەرگی دێدەوانی ڕێگەپێدراو نیە بۆ ئاهەنگی تایبەتی بپۆشرێت، لە کاتی ئامادەکردنی خواردن یان وەرزشکردن جل و بەرگێکی وەرزشی لەبەردەکرێت وە پێویستە جلی دێدەوانی لە شوێنێکی باش دابنرێت و پارێزگاری لێبکرێت، لەبەر ئەوەی ڕێکپۆشی لە جل و بەرگی دێدەوانیدا واتە بەرزڕاگرتنی کەسایەتی دێدەوان و کەسێکی سەرکەوتوو لەناو کۆمەڵگەدا.



## Tracing and signals of scouting:( ئیشارەتی دەست( اشارة الایدی


پێویستە ڕابەرەکان/ دێدەوانان ڕاهێنانیان پیٚ بکرێت لەسەر ڕاهێنانی سیستەم وە دەبیٚ ئامادەبن بۆ جیٚ بەجیٚ کردن بەشێوەیەکی ڕاست و باش،والە خوارەوە هەندێك لەو پێکهاتانە بە پێی ئیشارەتی دەستی فەرماندە یان ڕاوەستانیان دەخینەروو:

فەرماندە - فەرماندەی پێشەنگ - یاریدەدەری فەرماندەی پێشەنگ - ڕابەر / دێدەوانان

١- پشوودەن

٢- ووریابن


٣- کاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بۆ تەنیشت بەرز دەکاتەوە تیپ لەسەر یەك هێلٚ ڕادەوەستن بەریزێك بە پێی پێشەنگەکان.




٤- کاتێك فەرماندە دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ سەرەوە مانای وایە چاوەڕوانی فەرمان بن.




٥- کاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوە تیپ بەشێوەی یەك لەدوای یەك ڕادەوەستن وە دەبێ فەرماندەی پێشەنگەکان لە پێشەوە بن و ڕویان لە فەرماندەبێت.




٦- کاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ سەرەوە و دەنوشتێتەوە لە جومگەی ئانیشك وە ناو لە پی دەستی قە پاتە تیپ بەشێوەی ڕێك و کراوە ڕادەوەستن.




٧- کاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بەرز دەکاتەوە و دەنوشتێتەوە لە جومگەی ئانیشك لەگەڵ ناو لە پی لەسەر شانی دادەنێ بەشێوەیەك تیپ لەسەر شێوەی ڕێك و داخراو ڕادەوەستن.




٨- كاتێك فەرماندە دەستی جۆلانە پێ دەكات نیو بازنە بۆ خوارەوە و تەنیشت یەكتر دەبرن لەسەر شێوەی ناڵی ئەسپ ڕادەوەستن وە فەرماندە لەلایە كراوەكە ڕادەوەستێ.



٩- كاتێك فەرماندە بەیەك دەست وێنەی بازنەیەكی تەواو دەكێشێ تیپ لەسەر شێوەی بازنە ڕادەوەستێ و فەرماندە دای دەخات.



١٠- كاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بەرز دەكاتەوە بۆ سەرەوە و دەنووشتێتەوە لەگەڵ بەیەك گەیشتنی هەردوو ناو لەپ تیپ لەسەر شێوەی لاكێشە یان چوار گۆشەی كراوە ڕادەوەستێ.



١١- كاتێك فەرماندە دەستەگی بەلاری بۆ سەرەوە وە دەستەكەی تری بەلاری بۆ خوارەوە بەرز دەكاتەوە كە هەردوو دەست لەسەر یەك هێڵی ڕاست بن دەبێ ڕابەرەكان لەتیپ بە پێی درێژیان لەسەر یەك هێڵی ڕاوەستن.



١٢- كاتێك فەرماندە هەر دوو دەستی بە هاو تەریبی لەگەڵ زەوی بەرز دەكاتەوە و نیو بازنە جۆلانەی پێ دەكات و یەكتر دەبرن پێویستە لەسەر ڕابەرەكان بلأوە بكەن.

١٣- كاتێك فەرماندە ناو لەپی قەپات دەكات و بە خێرایی دەی جولێنیتەوە بۆسەرەوە و خوارەوە مانای وایە خێرا بن و نزیك بن.

## ئیشارەتەكانی فیكە( اشارات الصافرة):whistle signals

زۆر جاری وا هەیە سەرۆكی دێدەوانی لە ناو خێوەتگە بە ئەزیەت ئەزانێ كە بیەوێت دێدەوانان بانك بكات كاتێك كە زۆربەی دێدەوانان خەریكی ئیش وكارن لەهەموو شوێنێكی خێوەتگە لە بەر ئەوە بەكار هێنانی فیكە باشترین ڕێگایە بۆ بانك گردنی دێدەوان، ئەوەش هەندێ لە ئیشارەتەكانە:

١- یەك فیكەی درێژ..... مانای ووریا بوونەوە( الانتباە).

٢- چەند فیكەی كورت و تیژ.....مانای كۆ بوونەوە.

٣- چەند فیكەیكی كورت لە دوای فیكەیكی درێژ.... مانای داوای یارمەتی و فریا كەوتن و داوای ڕزگار بوون لە تەنگانە دەكات.

٤- سێ فیکەی کورت و فیکەیکی درێژ.....مانای داوای سەرۆکی پێشەنگەکان دەکات( عریف الطليعة ).

٥- چەند فیکەیکی درێژو لە سەر خۆ.......مانای بلاو بوونەوە.

٦- فیکەیکی کورت و تیژ...... مانای بێ دەنگی تەواو.

پێویستە لەسەر هەموو دێدەوانێك ئیشارەتەکانی فیکە بزانێت و فێربێت.

**هێما دێدەوانیەکان و شوێنی پێکەوتنیان ( الرموز الكشفية تتبع الاثر ):**


ئەم هێمایانە زمانی لێ لەیەکتر گەیشتنە لە خێوەتگاکانی دێدەوانی و بریتین لە کۆمەڵە هێمایێکی زاراوەیی کە دێدەوانەکان سەیرێکی بکەن یەکسەر لەمەبەستی دەگەن،هەڵبەتە ئەم هێمایانەش لەشێوە و باری جۆرا و جۆرن هەندێکیان لەسەر رێگاکان دەنووسرێت،یا لەسەر دارو دەوەن رەسم دەکرێن یا بەتەباشیر لەسەر دیوارەکان دەنووسرێن یا بەهۆی بەکار هێنانی بەرد و گیا و گوڵ و دار و دارۆچکە ئامادە دەکرێت،یان لەسەر قور نیشان دەکرێت. هەروا هێماکان لەخاڵی دیاری کراو دا خۆیان دەنوێنن کە هەر یەکێك بیان بینێ سوودی لێ وەردەگرێت،هەڵبەتە ئەم هێمایانە لە دوو رێیانەکان ( خاڵی لێك جیا بوونەوەی رێگاکان )دادەنرێت یالەناو دارستانەکانی کەوا هیچ نیشانە و ئاکارێکی ناسینەوەی جێگیریان تیا نەبێ دادەنرێت، ئەم هێما و نیشانانە رێگا نیشان دەری دێدەوانانە،وا پەسەندیش دەکرێ کە هێماو نیشانەکان لەلای ڕاستی رێگاکان دابنرێ و لە شوێنێکی دیار و بەر چاو کە بەئاسانی گشت دێدەوان و ڕابەرێك ببینێ و ڕێگای خۆی بگرێتە بەر..... یاخود لەنزیك شوێنی گرنك دادەنرێت وەکو جۆکەو رێگای خوارو خێچ و پرد بۆ زانین و دڵنیا بوون لەوەی کە بۆ پەڕینەوە دەست دەدەن یانا؟ پاش کۆتایی هاتنی خێوەتگە پێویستە ئەم هێماو نیشانانە لابرێن بۆ ئەوەی تیپی تر لاڕێ نەکات یا ئەندامانی هەمان تیپ جارێکی تر بە هەمان رێگادا بچنەوە سەریان لێ تێك نەچێت و ڕێگا بزر نەکەن کاتێك هاتنەوە هەمان شوێن....

جاوا لە خوارەوەش چەند هێماو نیشانەیەکی دێدەوانی دەخەینە ڕوو:


١- ئەو ڕێگایە بگرە




**٢- به ئاراستەی تیرەکەوە لە دووری ( ٧ ) هەنگاو پەیامەك هەیە**




**٣- ئەورێگایە مەگرە**




**٤- لێرە ڕاوەستە، چاوە ڕوان بە**




**٥- بەئاراستەی تیرەکە ڕووبار یان ئاوەڕۆ هەیە**




**٦- پردێك هەیە پەرینەوەی لەسەر دەکرێ**




٧- پردێك هەیە پەرینەوەی لەسەر ناگرێ




٨- خێوەتگا بەئاراستەی تیرەکەیە




٩- رێگایەکی پێچاوپێچ لە پێش دا هەیە




١٠- مەترسی هەیە ئاگاداربە







١١- تیپەکە بۆ دووبەش دابەش بوە




١٢- لێرەوە بڕۆ ماوەکە نزیکە




١٣- ڕۆیشتن لەستوونی کورت بەرەو ستوونی درێژە وەیە




١٤- ئاو بۆ خواردنەوە دەست بدات دورنیە




١٥- ئاو بۆ خواردنەوە دەست بدات دورە




١٦- من لەناوەوەم




١٧- من لە دەرەوەم




١٨- مزكەوت




١٩- ڕێگای ئاسنی شەمەندەفەر



٢٠- کەنیسە



٢١-فڕۆکەخانە



## دانان و هەڵگرتنی خێوەتەکان: Scout tents

خێوەت یان چادر جەند جۆری هەیە بەلأم ئەو  چادرانەی کە لە خێوەتگای دێدەوانی بەکار دێن دووجۆرە:

١- چادری یەك سەر پۆش سادە(البسیطة): لە ئۆردوگا دیدەوانیەکان لە وەرزە کانی (هاوین و بەهاردا) بەکاردێت.

٢- چادری دوو سەر پۆش ئاوێتە(المرکب): لە ئۆردوگا دیدەوانیەکان لە وەرزە کانی (زستان)و ناوچە ساردەکان بەکاردێت بۆ خۆ پاراستن لە باران و سەرما.

## بەشەکانی خێوەت: Tent parts

١- چادر(قوماش): چادر لە کوتاڵێکی ئەستوور پێکهاتووە وە بەرگەی ئاو دەگرێ،چادر بنمیچێکی (سقف) شێوەلاکێشەیی یان چوار گۆشەی هەیەی،دوو سەری لە ناوەندا هەیە (پێش و پاش ) دوو کولانگەی تێدایە بۆ چە سپاندنی ستوونەکان،دەرگەکانی خێوەت چوارن دووان لە پێشەوەن دووان لە پاشەوەن شێوەی دەرگەکان سێ گۆشەیە بە گۆشەی وەستاو دووباڵی لاکێشەیی هەیە.

٢- ڕاگر (عامود): دوانە لە خێوەتە سادە کان وسێ یە لە خێوەتە ئاوێتەکان و عاموود بریتیە لە لقێکی ئاسن یان دار،لە سەرەوەیدا بزمارێکی ئەستوور هەیە بۆ چەسپاندنی ئەلقەی پردەگەو کونی سەری خێوەتەکە درێژیەکەی یەکسانە بە بەرزایی  خیوەتەکە.

٣- پرد(جسر): پێکهاتووە لە ستوونێگی ئاسن یان دار لە هەردوو سەری ئاڵقە هەیە بۆ چەسپاندنی سەرەوەی ڕاگرەکان،درێژیەکەی  یەکسانە بە  پانی خێوەتی سادە و نیوەی خێوەتی ئاوێتە.

٤- سینگەکان(الاوتاد): بریتیە لە  پارچە تەختە یان ئاسنی نووك تیژ،لە سەرێکیدا ئالقەیەك هەیە بۆ گرێ دانی حەبلەکە.

## شوێنی دامەزراندنی خێوەت (مكان نصب الخيم): place Tent

١- چادرەکان لە سەر شێوەی نالّی ئەسپ دابەش دەکرێت، دەرگای چادرەکان هەموو رودەکەنە کۆمەڵکەی ئالاّکە ئەمە ئەگەر خێوەتگاکە لەبا پارێزراو بیّ وەزوویەکەی تەخت بوو. بەلاّم شێوازی پەسەند کراو ئەوەیە کە خێوەتگاکە لە سەر شێوەی پیتی ( L ) بێت یان لەسەر شێوەی ڕێچکە (رتل) ئەویش بەگوێرەی باری خێوەتگاکە و گونجانی ئەو دابەش کردنە لەگەڵ ئارەزووی دیدەوانەکان.

٢- باشتروایە خێوەتگا لە شوێنێکی سێبەر و خۆریشی لێبدا لە چەند کاتێکی ڕۆژدا.

٣- پێوویستە شوێنی خێوەتگا دووربیّ لە(چێشتخانە- متبەق) هەروەها دووربیّ لە سەر ئاو (المرافق الصحیە) ماوەی (٥٠م بە ٥٠م).


٤- جێگەی خێوەتگا زۆر بەباشی خاوێن بکریّ و زوویەکەی تەخت بکرێت هەموو کون و کەلێنەکان پربکرێتەوە، دەرمانی مێروو کوژەکان بەکار بهێنریّ بۆ ڕزگار بوون لە هەموو گیانەوەرە زیان بەخشەکان.

## چۆنیەتی دانانی چادرەکان (کیفیەت نصب الخیم): How to set up scout tents


چەند ڕێگایەك هەیە بۆدامەزراندنی خێوەتگا: There are many ways to set up scout tents

### ڕێگەی یەکەم: first way

١- چادرەکە دەکرێتەوە و لەسەر زەوی ڕادەخریّ، ڕووی ناوەوەی لەسەر زەوی دەبیّ چادرەکە شێوەیەکی لاکێشەیی دروست دەکات، هەموو گوریسەکان (پەتەکان) لەدیوی دەرەوە دەبن، هەر چوار گۆشەی چادرەکە وەستاو دەبن وەکو لەم وێنەیەدادیارە:



**٢- پردەکە لەژێر قوماشی چادرەکە تێدە پەرێنین بۆناوەندەکەی، پاشان کۆڵکەی پێشەوەی لە ئالقەی پێشەوە قایم دەکەین( واتا لەئالقەی پێشەوەی پردەکە )وەکۆلەکەی دووەمی پاشەوە لە ئالقەی پاشەوەی پردەکە، وەکو لەم شێوەیەدا دیارە:**



**٣- دوو دێدەوان خۆیان ساز دەدەن هەریەکەو کۆڵکەی بە دەستەوە دەگرێ، چوار دێدەوانیش پەتەکانی هەر چوار گۆشەکە دەگرن، هەر دوو دێدەوانی( یەکەم و دووەم )کۆ لەکەکان بە شێوەی گۆشەیەکی وەستاو پێکەوە راست دەکەنەوە، پاشان هەر چوار گۆشەی چادرەکە بە شێوەیەکی باش دادەمەزرێت،دواتر هەردوو حەبلی پاش و پێش قایم دەکرێ بە مەرجێ گوریسەکان و کۆلەکەکان لەسەر یەك ئاست بن وەکو لەم شێوەیەدا دیارە.**



٤- سینگەکانی تەنیشتەکان لەسەر یەك ئاست لەگەڵ سینگەکانی گۆشەکانی پێشەوە و پاشەوە دەچەسپێ وەکو بەم شێوەیەدا دیارە:




## ڕێگەی دووەم : second way

لەم ڕێگەیەدا چادرەکە تەنها لەلایەن یەك دێدەوان یان دوو دێدەوانەوە هەڵدەدرێ.

أ- چادرەکە هەروەك ڕێگەی یەکەم دەکرێتەوە.

ب- حەبلی هەر چوار گۆشەکە لە یەك ئاست بڵاو دەکەینەوە هەروەها لەسەر یەك ئاست بێت لەگەڵ دوو تەوەری لاکێشەکە بە شێوەیەك حەبلی دوو گۆشەی بەرامبەر درێژی تەوەر دەبێ پاشان لەسەر ئاستی هەریەکە لە گوریسەکان مێخێك دەچەسپێنرێ بەماوەی حەبلەکە لەقوماشی چادرەکەوە دوور دەبێ بەشێوەیەك هەر چوار مێخەکەکە لاکێشەیەکی گەورەتر لە لاکێشەی چادرەکە پێك دێنێ وەکو لەم شێوەیەدا دیارە:



ج- پردەکە لە ناوەندی چادرەکەوە تێدەپەڕێنین و سەری هەر کۆلکەیەك لە ئالقەکانی پێشەوە و پاشەوە قایم دەکەین هەروەکو لەرێگەی یەکەمدا باسکراوە.

د- پاشان کۆلەکەی یەکەم لەشێوەی کۆشەیەکی وەستاو راست دەکەینەوە،لە ناوەند و پاشتر کۆلکەی پاشەوە بەهەمان شێوە ڕاست دەکەینەوە، پاشان گوریسەکان توند دەکەینەوە.

ه- حەبلە کانی پێش و پاش سەری چادرەکە هەروەکو رێگەی یەکەم توند دەکەین.

و- چەسپاندنی مێخەکانی تەنیشتەکان هەروەکو چۆن لەرێگەی یەکەم باسمان کرد.

## رێگەی سێیەم: third way


ئەگەر چادرەکان لە نێو دارەکان دامەزرا ئەوە پێویست بە کۆلەکە ناگات،بەڵکو بەدارەکانەوە توند دەکرێت،ئەویش بەم شێوەیە:

١- حەبلی سەرگی بەداری پێشەوە قایم دەکرێت،گرێ دانەکە پێویستە بەرزتر بێ لەئاستی بنمیچی چادرەکە هەتاوەکو شۆڕ نەبێتەوە،هەروەها حەبلی پاشەوەگرێ دەدرێ بە دارەکەی پاشەوە.


٢- هەر چوار گۆشەی سەرەکی چادرەکە دەچەسپێنرێ بەشێوە یەك چادرەکە چەسپاو دەبێ.

٣- چەسپاندنی سینگی تەنیشتەکان.

٤- دەكرێ حەبلی پێش و پاش چادرەكە بە هۆی كۆلەكەیەك بەرز بكرێتەوە ئەگەر چادرەكە زۆر شۆڕ بوو ئەویش بۆ توند كردن و قایم كردنی.وەكو لەشێوەی ژمارە( )دا دیارە.



٤ - خيمة المطبخ kitchen tent



٥ - خيمة الراحه Tent used for rest



## جۆرەکانی خێوەتگا( انواع المخيمات ):Types of scout camps

ئەوماوەی دێدەوانەکان لە خێوەتگاکان دەبیەنە سەر ماوەیەکی کورتە یان درێژە.ئەمەش بە گوێرەی باری رێکخستنی خێوەتگا دابین دەکریٚ،بۆیە جۆرەکانی خێوەتگای دێدەوانی ئەمانەن :

## ١- خێوەتگای دێدەوانی کورت خایەن ( مخيم كشفى قصير الامد ):short-term camps -

ئەم جۆرە خێوەتگایە بەبیٚ نووستن دەبیٚ و تەنها بەڕۆژ دەبیٚ،لەسەر ئاستی ناوەخۆ( خۆجیٚ ی )دادەمەزریٚ لە پارێزگاکان ئەنجام دەدریٚ،کاتیٚ ژمارەیەك لە دێدەوان لە جێگەیکدا خێوەت هەڵدەدەن لەبەیانیەوە تا ئێوارە( ڕۆژ ئاوابوون ).ئەم جۆرە خێوەتگایە پرۆگرامی تایبەتی بۆ ئامادە دەکرێت،وانەو ڕاهێنانی پراکتیکی وپێشبرکیٚ ی کۆڕی بچوك و چڕ لە ڕووی وشیاری نەتەوەی بە خۆ دەگرێتەوە ئەمەش کاریگەری زۆر لە گریٚ دانی دێدەوان بە بزاڤی دێدەوانیەوە دەبێت و هانی دەدات بە خو ێن گەرمیەوە بەشداری لە چالاکیەکان بکات.

## ٢- خێوەتگای دێدەوانی درێژ خایەن ( مخیم كشفی طويل الامد ):Long-term camps

ئەم خێوەتگایە بۆ دێدەوانان و پێشەنگەكان ئامادە دەكرێت،چەند شەو ورۆژێكی تێدا دەبەنەسەر ئەمەش بەشێوەی ئاسای لەسەر ئاستی هەڵ بژاردەی پارێزگاكان دەبێ پرۆگرامەكان لەلایەن دەزگای ڕاهێنانی تایبەت بەم مەبەستە ئامادە دەكرێ، وانە و ڕاهێنانی پراكتیكی لە چۆنیەتی ڕێكخستن و ئامادەكردنی خێوەتگا و دانان و چۆنیەتی بەكار هێنانی (قیبلە نما) هەروەها كۆڕی تێدا ئامادە دەكرێت بۆ وشیار كردنەوەی نەتەوایەتی لەگەڵ ئاهەنگی خۆشی و بەرنامە بۆ دێدەوانەكان و چۆنیەتی كار كردن بە كۆمەڵ و بەژداری كردن لەگەڵ دێدەوانەكانی تر لە گفتووگۆ و پێشبرگێ بە مەبەستی بە هێز كردنی كەسایەتیان و پەرەپێدانی توانای بیر كردنەوەو بریار وەرگرتن،هەروەها ڕادێن لەسەر گوێ ڕایەڵی و ڕێزگرتن و لەخۆ بردن و گەشە پێدانی سەبر و ئارامیان.

چەند جۆرە خێوەتگا یەكی تر هەیە لەسەر چەند ئاستێك ئە نجام دەدرێت:

### ١- خێوەتگای دێدەوانی خۆجێ ی (المخيمات الكشفيه المحليه):Local camps

ئەم خێوەتگایە لەناو وولآت و لە هەموو پارێزگاكان ئە نجام دەدرێ،ئەمەش جۆر بە جۆرە،لە وانە:خێوەتگای ناو بەناو (دەوری)كە چوار جار لەسالێكی خوێندندا ئە نجام دەرێ،دووان لە پێش نیوەی ساڵی خوێندنە و دووانیش لە پاش نیوەی ساڵ لە هەموو پارێزگاكانی ولآت،خێوەتگاكانی تر خیوەتگای بەهاریە،لە نیوەی ساڵدا ئە نجام دەدرێ ئەمەش بە تێكرای یەك خێوەتگا دە بێ لەشێوەی كەرتكاری (قطاعات) بەمانای دابەش كردنی پارێزگاكان بەچەند گرووپێك،پاشان خێوەتگا لە یەكێك لەو پارێزگایانەدادەمەزرێ.

هەروەها خێوەتگاكانی ڕاهێنان: ئەمەش لەكاتی پشوودانی هاوینە ئە نجام دەدرێ.بەمەبەستی ئامادەكردن و ڕاهێنان بۆ ئامادەكرن لە بەشداری كردن لە خێوەتگا دێدەوانیەكانی عەرەبی.

### ٢- خێوەتگای دێدەوانی عەرەبی(المخيمات الكشفيه العربيه ):

ئەمەش بە تێكرای یەك خێوەتگا دەبێ دووساڵ جارێ، لە یەكێك لە ولآتانی عەرەبی ئە نجام دەرێ.

**٣- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی( المخيمات الكشفيه الدائميه ): Scout permanent camps in Iraq**

**ئەم خێوەتگایە لە هەموو پارێزگاکانی ولآتدا هەیە لە وانەش هەرێمی کوردستان_ عیراق لە هەرپارێزگایەك خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی هەیە بۆ نموونە :**

**١- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی لە دارستانی حەدبا/ لە پارێزکای نەینەوا.**

**٢- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی هەولێر / لە پارێزکای هەولێر.**

**٣- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی دهۆك/ لە پارێزکای دهۆك.**

**٤- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی سلێمانی/ لە پارێزکای سلێمانی.**

**٥- خێوەتگای دێدەوانی هەمیشەیی کەرکوك / لە پارێزکای کەرکوك.**

**ژیانی چوونەدەر ( حياة الخلاء ):**

**گەشتی چوونەدەر هیچ لای دێدەوان لەوە قەشەنگ ترنیە کە لە ژیانی چوونە دەر دایە، ئاسۆ لە پێش ی فراوان دەبێت کە لەگەڵ سروشت دا دەروات و ئەوشتە شاراوانە ئاشکرا ئەبن و وایان وەرئەگرێ کە هیچ بواری ئەوە نەدات بیر لە غەم و پەژارەی ژیان و گیرو گرفتەکانی بکاتەوە. کەواتە ژیانی چوونە دەر لە ژیانی دێدەوان بە سوود بەخش بۆی ئەگەرێتەوە لە بەر ئەوەی سەنگی محەکە بۆ لێهاتووی و بەهرە داری.کەشتەکانی چوونەدەر قوتا بخانەکی زانستیە کە ئەو زانیاریەی تیادا بە دەست دەهێنرێ کە ڕاهێنانی لەسەر ئەکرێ و بەو هۆ یەوە دەزانرێ چۆن ڕێگا بدۆزیەوە بە بەکار هێنانی ( قیبلە نامە ) یا ڕۆژ یا ئەستێرەکان وە زانینی لایەکان و هەروەها ڕادەهێنرێ لەسەر ڕێگەی چەسپاندنی خێوەت و ئامادەکردنی خواردە مەنی و ئاگر کردنەوە و بەکار هێنانی گرێیەکان لەکاری بەهرە داری. هەروەها ڕادەهێنرێ لەسەر توانای تێبینی ووێنەی نەخشەونەهێشتنی شوێنەوار و ئەم گەشتانە باشترین هۆیە بۆ ڕاهێنانی هەموو هونەری یەکانی دێدەوانی.**

## پێش هەڵسان بەگەشتەکە :

ئەوەی بە کەشتی چوونە دەر هەڵدەستێ پێویستە ڕاهێنانێکی تەواو بکات لە سەر ئەم جۆرە گەشتانە پێش هەڵسانی پێویستە لەسەر دێدەوان ڕاهێنان بکات لەسەر کەشتی چوونە دەر لەبوارێکی تەسك پێش دەست پێ کردنی پێویستە ئەم خالآنە ڕەچاو بکرێت.

١- هەڵسان بەچەندین گەشتی چوونە دەر بۆ ماوەیەك بۆ هەر گەشتێك لەگەڵ ئامادە کردنی خوار دەمەنی بۆ خۆی.

٢- هەوڵ بدە بە پیادەیی زۆر برۆی لە سەرەتادا و زۆر خۆی ماندو نەکات بەکاری بەردەوام لەو گەشتانە.

٣- هەموو جارێك مە چۆرە ئەو ناوچانەی کە ناساندوتە، بەلآم هەوڵ بدە لە هەرجارێکدا بچێتە شوێنێکی نوێ.

٤- ڕابێت لە هەر گەشتێك فێربێت چۆن ڕێگە ئەگرێتە بەربە بەکارهێنانی ( قیبلە نامە و نەخشە ).

## پێداویستیەکانی گەشتەکە( معدات الرحلە ):

١- دانانی هەموو ئەو کەل و پەلانەی پێویستن بۆ هەر دێدەوانێك جگە لە جل و بەرگی دێدەوانی.

٢- خێوەتێگی بچووك یا بەتانیەکی گەورە یا رایەخەکی زەوی لە هەگبەی بێ.

٣- خواردنی پێویست بۆ سێ ژەمی ڕۆژانە دابین بکرێ.

٤- لەبەر کردنی جل و بەرگی فرەوان لە کاتی گەشتەکە.

## هەڵسان بەگەشتەکە( القیام بالرحلە ):

١- کاتێ دێدەوان ڕێنماییەکان وەردەگرێ پێویستە بەبایەخەوە بیخوێنێتەوە هێڵی ڕۆیشتن دیاری بخات کێ ئاما نجیەتی لەسەر نەخشە بەتەواوی.

٢- هەوڵ نەدات بە پەلە بڕوات و دابنیشێت هەرکاتێك هەستی کرد پێویستی بەحەسانەوەیە.

٣- متمانه و پشت به خۆ بەستن لەهەمووشتێك.

٤- بگاته شوێنی دیاری کراو بۆمانەوەی شەو پێش ڕۆژ ئاوا بوون بۆ ڕێکخستنی خێوەتگەی دێدەوانی و ئامادە کردنی شوینی نوستن.

٥- زوو بخەوێ و زوو لە خەو هەڵسێ هیچ شوێنەوارێك جێ نەهێڵێ دوای جێهێشتنی شوێنەکە تەنها دووشت نەبێ کە پاك و خاوێنیە و سوپاس کردنی خاوەن جێگەکەیە.

**ڕا پۆرت( تقرير ):**

پێویستە دێدەوان بایەخ بە نووسینی ڕاپۆرت بدات و درێژ نەبێت بەڵکو بەناوە ڕۆك و کورترین دەستەواژە بێت .

**١- خۆنیشاندەرەکانی ڕێگا :**

ڕێگا جۆراو جۆرەکان و ڕووبارەکان و تۆنێلەکان و سنوور و پۆستەو هێڵەکانی ئۆتۆمبێلی گەورە و سەربازگەکان و نەخۆشخانەکان.

٢- **بەرهەمەکان :** گرنگترینیان بەرهەمە گشتوکاڵیەکان و پیشەسازیەکان و پیشە دەستکردەکانی خۆماڵی و گرنگترین کارگەکان و کۆمپانیەکان وبازاڕەکان.

**٣- خۆنیشان دەرەکانی مێژوویی :**

جێگە شوێنەواریە دێرینیەکان و تەلارە کۆنەکان و مزگەوتەکان و کەنیسە و مۆزەخانەکان.

**٤- لێکۆڵینەوەی سروشتەکە :**

درەختەکان و گیا و گۆڵە سەرنج ڕاکێشەکان و ئاژەڵەکان و باڵندەکان و پە پولەکان.

**٥- باری ئاوهەوا :**

هەروەها هەوا ڕووی لە کام لایە و پلەکانی گەرما و دانانی کات لە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ خێوەتەکە .بەهەڵەداچوون ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە ڕا پۆرت دوای گەڕانەوە دووبارە بنووسرێت.

**ئەو مەرجانەی پێویستن لە گەشتی چوونە دەردا دێدەوانی هەبن ( الشروط الواجب توفرها فی الرحلات الخلويه ):**

١- دوور کەوتنەوە لە ڕویشتنی ناو دارستانی چڕ و پڕ کە تیشکی خۆری ناگاتیێ.

٢- پێویستە دێدەوان بە ووردی تێبینی بکات و ئاگاداری هەموو جولەیەکی نائاسایی و دەنگێك بێت.

٣- دوور کەوێتەوە لە ڕاکردن بەرەو لێژی ئەو لوتکانەی بەرزن.

٤- دوور کەوێتەوە لە ڕویشتن لە ناو گیاو کۆ ڵی بەرز.

٥- دوور کەوێتەوە لە ڕویشتن لە سەر زەوی قوڕو لیتەو نەرم و شل.

٦- دوور کەوێتەوە لە حەسانەوە لە ژێر لق و پۆپی دار لە دارستانی تاریك دا.

٧- پێویستە ناو چەکە باش بپشکێنرێ وە هیچ مەترسی لێ نەمێنیێ پێش روو تێکردنی بۆ حەسانەوە.

٨- دوور کەوێتەوە لە دانیشتن لە ژێر داری بە پێشکەو مێشوولە.

٩- باشتر وایە کراس و گۆریەیی لۆکە ( پەمۆ ) لەبەر بکەن لە کەش و هەوای گەرم وە لەبەر کردنی گۆریەیی خوری لە کەش و هەوای سارد.

١٠- لە پێ کردنی پێلاوی پێستە وە تۆزێك فراوان بێت و کەمێك کۆزینکی دا پۆشێت.

١١- ئەگەر کەش و هەوا زۆر سارد بێت باشتر وایە چاکەتی بە کلاو لەبەر بکرێت.

١٢- هێنانی بڕی ئاو لە ڕووبار بۆ خواردنەوە.

١٣- پێویستە جل و بەرگی تەڕاوی لەبەر بکرێتەوەو بگۆردرێت بۆ ئەوەی سەرما بردوو نەبێت.

**ئەو مەرجانەی پێویستە دابین بکرێت لە خێوەتگەی دێدەوانی( الشروط الواجب توفرها فی المخیمات الکشفیه ):**

بۆ ئەوەی خێوەتگای دێدەوانی مەبەستی خۆی بپێکی کە بۆ چی ئەنجام ئەدرێ، پێویستە ئەو مەرجانەی لی بەدی بکرێت کەئەمانەن:

١- تاقی کردنەوەی خاکەکە بۆ مژینی ئاو و دوور کەوتنەوە لە قوڕ و لیتە بە پێی توانا.

٢- ئاوی خواردنەوە و شوشتنی لێ بێت.

٣- پێویستە لە جێگایەکی نزم بێت وەك دۆڵێك و دوور بێت لە گۆم و چلپاو.

٤- پێویستە جێگایەك بێت بە ئاسانی دار و سووتەمەنی لێ دەست بکەوێت.

٥- پێویستە پارێز راو بێت لە رەشە باو و دوور بێت لە شوێنی ترسناك.

٦- پێویستە دوور بێت لە ماڵ و شار و شارۆ چکەی قەڵەبالغ.

٧- پێویستە لە تەنیشت یاخود نزیکی رووبار بێت.

٨- پێویستە شوێنەکە هات و چۆ کردنی بۆ ئاسان بێت تا پێداویستەکان بەگەرمی پێ بگات.

٩- بەباش دەزانرێ ئەگەر شوێنەکە نزیکی شوێنێکی شوێنەواری مێژوویی بێت بۆ ئەوەی دێدەوانەکان سوودی لێ وەرگرن.

**کارکردن پێش هەڵسان بە خێوەتگەی دێدەوانی( العمل قبل اقامه المخیم الکشفی ):**

**کاتی دیاری کراو بۆ هەڵسان بە خێوەتگەی دێدەوانی پێویستە تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:**

١- بینینی خاوەن زەویەکە یان بەرپرسەکە و دڵنیا بوون لەسەر ئەوەی کە هیچ کۆسپێك نیە خێوەتگەکە تێك بدات یان تەگەرەی تێ بکات.

٢- زانیاری وەرکرتن لەسەر نەخشەی ناوچەکە بۆ شارەزایی وەرگرتن لەسەر ئەو توانایەیی ئەبێتە یاریدەدەر بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامی خێوەتگەی دێدەوانی.

٣- وەرگرتنی مۆڵەت لەلایەنە رەسمی و بەر پرسەکان.

٤- وەرکرتنی زانیاری لەسەر دەوروبەری شوێنەکە لەهەبوونی فەرمانگەی پۆلیس و پۆستەو پزیشکی و دەرمان سازی و ئاگر کوژێنەوە.

٥- ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی بەرێوە بردنی ناوچەکە.

٦- وەرگرتنی مۆڵەت لەسەرداری دێدەوانەکان و رابەرەکان.

٧- ئامادەکردنی هەموو کەل و پەل و پێداویستیە گشتیەکان و کەسیەکان.

٨- دانانی کاتی دەست پێکردن و شوێنی ڕۆیشتن و ئامادەکرنی هۆی گواستنەوە.

٩- ئامادەکرنی خۆراك و خواردەمەنی پێویست لە ماوەی خێوەتگە.

١٠- نەخشەکێشانی خێوەتگا و دانانی لەسەر تەختەی هەڵواسراو تیایدا شوێنی خێوەتگەکە روون بکاتەوە.

**کارکردن لە ماوەی خێوەتگەی دێدەوانی( العمل اثناء المخيم الكشفي ):**

١- پێویستە بایەخ بدرێت بە دانانی پرۆگرامی تایبەت بە خێوەتگەوە پێداویستیەکانی خێوەتگە لە ماوەی ئەو مانەوەی بریاری لەسەر دراوە.

٢- دیاری کردنی شوێنی خێوەتگەکە لەسەر شێوەی زینی ئەسپ وایە و تیشکی خۆری لێ نەدات و تۆز و با نەیگرێتەوە، چێشتخانە کەشی لە ژێر تۆز و با نەبێت،ئاو دەست دوور بێت لە خێوەتگا.

٣- بایەخدان بە پاك و خاوێنی خێوەتگە لە کەل و پەل و چێشتخانە و ئاو دەست.

٤- ئەو پاشماوە خواردەمەنیەی ئەمێنێتەوە فڕێ بدرێتە قۆرتێك لە تەنیشت چێشتخانە و سەر پۆشی هەبێت.

٥- داکرتن و هەڵگرتنی خواردەمەنی لە شوێنێکی پاك و خاوێن و دوور لە خۆڵ و مێش و مەگەزدا.

٦- پێویستە خواردەمەنی یەکان جۆراو جۆر بن و بەش بکات هەموو ڤیتامینەکانی تێدابێت.

٧- رێکخستنی هەندێ گەشت بۆ شوێنە نزیکەکان و شوێنەوارەکان.

٨- دابەش کردنی کار بەسەر هەموو دێدەوانەکان و بەشدار بووەکان.

٩- هەر لە سەرۆكەوە تا بچووكترین ئەندام لە دێدەوانەكان و ڕابەرەكان بە گیانێكی برایانە وپڕ لە خۆشە ویستی و بێ جیاوازی و خۆنەویستی و یەكسانی و ڕوو خۆشی و ڕێز گرتنی بیرو ڕای یەكتری بژین و – ڕێز كرتن لە هەستی یەكتری و خەندە لەسەر لێو یان جیا نەبێتەوە.

**كاركردن لە دوای خێوەتگەی دێدەوانی( العمل بعد المخيم الكشفي ):**

١- پاك كردنەوەی كەل و پەلی خێوەتگە بەگشتی وەرێز كردنیان و بەستنەوەیان شەوی جێهێشتنی.

٢- دانانی كەرستەی كەسیەتی لە ناو جانتاكان.

٣- نەهێشتنی هەموو پاشماوەكان بە سووتاندنیان و شاردنەوەیان.

٤- هیچ شوێنەوارێك لە سەر زەوی جێ نەهێشترێ تەنانەت شوێنەواری سنگەكان وە لەسەر باشترین بار جێ بهێڵرێ.

٥- ئاراستە كردنی ڕێزو سوپاس بۆ ئەوەی خزمەتی تەواوی كرد لە خێوەتەكە.

٦- پاراستنی ئەو شتانەی گۆكراوەتەوە لە خێوەتگە و لە گەشتەگەدا وەك بەردی نرخدار و وێنە و نمونەی دێدەوانی بۆ پێشاندانی لە قوتا بخانە.

٧- داگرتن و قەد كردنی خێوەتەكە دوای پاك كردنەوەی.

**پاسەوانی شەوانەو ڕۆژانە لە خێوەتگەی دێدەوانی ( الحراسه الليليه والنهاريه فى المخيمات الكشفيه ):**

١- ڕێكخستنی پاسەوانی بە شێوەیەكی بەسردا سوورانەوە وەلە نێوان تیپەكانی دێدەوانی و نێوان كەسانی پێشەنگی دێدەوانی( افراد الطليعة الكشفية ).

٢- پێویستە لە سەر پاسەوان رم و فیكە و گلۆپی دەستی ( لایت )هەڵبگرێ لە كاتی پاسەوانیدا.

٣- دێدەوان لە خێوەتگە نە هێتە دەرەوە بە لەشی گەرم تا تووشی سەرما بردوویی نەبێت و لەشی خۆی بپارێزێ لە شەوانی سارد بەلەخۆ لوولدانی بەتانیە.

**٤- بە هێمنی بڕوات و نووستووەکان نارەحەت و بێزار نەکات.**

**٥- ئەوەی لە دوای دێت بە ڕوویەکی خۆش لە خەوی هەڵسێنێ.**

**٦- شوێنی پاسەوانی جێ نەهێلی پێش هاتنی برادەرەکەی و وەرگرتنی پاسەوانی لێی.**

## گرێ و کەرەستەکانی بەستن لە دێدەوانیدا The most important types of knots used in scout camps

گوریس: گوریس یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ڕۆژانەی خێوەتگە بۆ بەستنەوەی کەرەستەکان و پاراستنیان وە گواستنەوە و پارێزگاریکردنیان، گوریس ئامرازێکی بەستنەوەیە کە لەکۆنەوە ئەم ڕێگایەیان ئەنجامداوە بەبەکارهێنانی ڕیشاڵە ڕووەکیەکان کە لەئێستادا دروست دەکرێت لەزۆربەی مادەکانی وەکو پەڕۆ نایلۆن و کەتان و ...هتد.

### جۆرەکانی گوریس ( انواع الحبال )

١/ ئاژەڵی : پێکدێت لە پێستی ئاژەڵ.

٢/ ڕووەکی : چەند جۆرێکە وەکو ڕیشاڵی ، لۆکە ، کەتان ، گوش.

٣/ پیشەسازی: چەند جۆرێکە وەکو نایلۆن ، پۆلستر.

٤/ کانزایی : وەکو ئاسن ، مس ، ئەلەمنیوم.

### هونەرەکانی گرێی دێدەوانی ( فنون العقد الكشفية )

گرێیەکان و بەیەکەوە بەستنەوەی کەرەستەکان چەند جۆرێکیان هەیە کە نزیکن لەیەکەوە لێرەدا چەند شێوەیەک و زاراوەیەک باس دەکەین :

١/ گرێ (العقد) : بەکاردێت بۆ بەستنی دوو گوریس لەیەکتری.

٢/ بەیەک بەستن (الربطة) : واتە بەستنی دوو گوریس بە دارێک یان ستونێکەوە یان سنگێکەوە.

٣/ خول (الدورة): واتە بەستنەوەی دوو دار یان دوو ستون بە گوریس لەیەکتری.

**یەکەم / گرێیەکانی دێدەوانی (العقد):**

گرێ واتە کرداری بەستنەوەی گوریسێک لەگەڵ گوریسێکی تر یاخود گوریسێک لەگەل خۆی ، جۆرەکانی گرێ بریتین لە :

١/ **گرێی ئاڵۆز (الابهام)** The si mpl e knot: واتە ڕاکێشانی هەردوو سەری گوریسەکە، ئەم گرێیە لە هەردوو سەری گوریس دەدریت بۆ ئەوەی پاریزگاری بکات لە کردنەوە و شی بوونەوە، وە هەروەها گرێی ئاڵۆزی دووانەیی پێکدێت لە سوڕانەوەی گوریسەکە دووجار بە دەوری خۆیدا.

٢/ **گرێی ئاسۆیی یان چواری**: بەکاردێت بۆ بەستنەوەی دوو گوریس کە هەمان ئەستوریان هەبێن یاخود جیاوازیەکی کەمیان هەبێت لە ئەستوریدا، زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەتایبەتی لە فریاگوزاری سەرەتایی وە زۆر توندوتۆڵە و ناخزێت ، چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی هەردوو سەری گوریسەکان خولێک بەدەوری یەکتردا دەسوڕێنین و دیسان خولێکی تری پێدەدەین بە جۆرێک سەری گوریسەکە و کۆتاییەکەشی بە هەمان ئاراستە بێت.

٣/**گرێی گەیەنەر (التوصیلیة)**: بەکاردێت بۆ دوو گوریسی کە جیاوازبن لە ئەستوریدا بەڵام ئەگەر جیاوازیەکی زۆر هەبوو لە ئەستوریەکەیان ئەوا دەیکەینە گرێی گەیەنەری دووانی، شێوازی گرێیەکە:

- قوڵفەیەک دروست دەکەین لە گوریسە ئەستورەکە

- گوریسەکەی تر دەخەینە ناو قوڵفەکەوە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە

- لە لایەکی قوڵفەکەوە گوریسی دووەم دەبەینە خوارەوە و لەناو قوڵفەکەوە بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرەوە جارێکی تر

- ئەگەر ویستمان بیکەینە دووانی ئەوا هەنگاوی سێیەم دوبارە دەکەینەوە

٤/ **گرێی کورتکردنەوە (التقصيرية):** بەکاردێت بۆ کورتکردنەوەی گوریسی درێژ یان بۆ بەهێزتر کردنی ناوچە لاوازەکانی گوریسەکە، شێوازی گرێیەکە:

- قوڵفەیەک دروست دەکەین لە گوریسەکە

- ئەو قوڵفەیە لە تەنیشت گوریسەکە لە باری درێژی دادەنێین و کە دەمانەویت کورتی بکەینەوە بەمەش گوریسەکە دەبێتە سێ پارچە گوریس و لە هەردوو سەرەکەی دوو قوڵفە ئەبێت.

- گوریسەکە پێچێک پێدەدەین لە نزیک قوڵفەکەوە.

- گوریسە پێچ خواردووەکە دەخەینە ناو هەریەک لە قوڵفەکانەوە.

- هەردوو سەری گوریسەکە ڕادەکێشین و گرێی داواکراومان دەست دەکەوێت.

٥/ **گرێی ڕاوچی** ( عقدة الصياد ) : ئەم جۆرە گرێیە وەکو تەڵە دانانەوە بەکاردێت بۆ ئاژەڵەکان کەلە دوو گوریس پێکدێت، شێوازی گرێیەکە:

- سەری هەردوو گوریسەکە گرێیەکی ئاڵۆزی سادەی لێدەدرێت.

- تێپەڕبوونی لای گوریسێک بە ناو گرێی گوریسەکەی تردا.

٦/ **گرێی ڕاکێشان (ڕزگارکەر) ( عقدة الانقاذ )** : شێوەبازنەیەکی جێگیر دروست دەکرێت لە کۆتایی گوریسەکە بەکاردێت بۆ ڕزگارکردنی کەسێک کە پێکرابێت یان دابەزاندنی کەسێک کە هۆشی نەمابێت کە زۆرجار پیاوانی ئاگر کوژێنەوە ئەم جۆرە گرێیە بەکاردەهێنن، شێوازی گرێیەکە:

- گوریسەکە لە پارچەیەکی دیاریکراودا دەگرین بە جۆرێک دەستی ڕاست لای پارچە گوریسە دیارەکە بێت.

- پاشان هەردوو دەست لەیەکتر نزیک دەکرێتەوە بەجۆرێک کە پشتی دەستی ڕاست ڕوی لەسەرەوە بێت وە پشتی دەستی چەپ ڕووی لە خوارەوە بێت.

- نیوە گورزەیەک دروست دەکرێت.

- نیوە گورزەکە بە دەستی چەپ دەگیرێت وە سەری گوریسەکە بە دەستی ڕاست پاشان بەناو نیوە گورزەکەدا دەیبەین لە پێشەوە بۆ دواوە، پاشان پێچێکی پێدەدەین لە دەوری گوریسە ڕەسەنەکە و ئینجا جارێکی تر دەیگەڕێنینەوە لە دواوە بۆ پێشەوە بەناو نیوە گورزەکەدا پاشان ڕایدەکێشین بۆ توند بوونی گرێیەکە.

**دووەم / بەیەک بەستن (الربطة):**

واتە بوستنەوەی گوریس بە سنگەوە یانیش بە دارەوە یان بەستنەوەی دوو دار یان ڕاگر بەیەکەوە بەهۆی پارچە گوریسێکەوە وەکو بەستنەوەی سنگ یان پەیژە یان ڕاگری ستون.

**١/ بەستنەوە بە سنگەوە:** ئەم جۆرە بەستنەوانە زۆرجار بەکاردێت بۆ بەستنەوەی گوریسەکان بە سنگەکانەوە، وەهەروەها لە زۆربەی کاری دەستی بەکاردێت، وەهەروەها بەکاردێت بۆ بەستنەوەی ڕاگرەکان یان ستونەکان یاخود دروستکردنی پردی پەڕینەوە و پەیژەی سەرکەوتن، وە هەروەها بەستنەوەی گورسیی چادر بە سینگەوە، دوو ڕێگە هەیە بۆ ئەنجامدانی:

أ- دوو قوڵفە دروست دەکەین بە دەوری یەکتردا یەکیان لەسەرەوە ئەویتریان لە خوارەوە لەسەر شێوەی ژمارە (٨) ی ئینگلیزی، پاشان دارەکەی لەناو دادەنێین و ڕایدەکێشین تا توند دەبێت.

ب- دارەکە دەهێنین لایەکی گوریسەکە لە دەوری دەسوڕێنین دوو سوڕ پاشان لە نێوان سوڕی یەکەم و دووەم سەری گوریسەکە دەردەهێنین و ڕایدەکێشین تا توند دەبێت.

**٢/ بەستنەوەی داربڕ:** بۆیە بە ناوە ناونراوە چونکە زیاتر داربڕەکان بەکاری دەهێنن خولێک بەدەوری دارەکەدا دەدرێت پاشان لە دەوری گوریسەکە چەند جارێک خول بە گوریسەکە دەدرێت، کە بەکاردێت بۆ دابەزاندنی لقی دارەکان لە شوێنی بەرزەوە بۆ خوارەوە.

**٣/ بەستنەوەی لەنگەر:** بەکاردێت بۆ بەستنەوەی بەلەمەکان بە بنکەکانیانەوە لە قەراغ ڕوبارەکان ، یان بەستنەوەی گوریس بە لقی درەختەوە یان بەستنەوەی چادر بە سنگەکانەوە، کە جۆرە گرێیەکی بەهێزەو جوڵە جوڵ کاری تێناکات.

٤/ **بەستنەوەی پەیژەیی** : بەکاردێت بۆ دروستکردنی پەیژە کەلە گوریس و دار پێکدێت کە بە شیوازێکی ئاسان دروست دەکرێت.

## سێیەم / خول (الدورة)

واتە بەستنەوەی دوودار بەیەکتری بۆیە ناونراوە خول چونکە خولی زۆر بەدەوری دارەکاندا دەدرێت کە زۆر بەکاردێت لە کاری دەستی دا، بۆنموونە (چوارگۆشەیی، لەبزینەیی، ڕێک،یەکتربڕ، سیانی).

١/ **خولی چوارگۆشەیی (المربعة)** : بەکاردێت بۆ بەستنەوەی دوو دار لە شێوەی ئاسۆیی و ستونی بە شێوەی (  )، گرێیەک لە داری یەکەم دەدەین پاشان هەردوو دارەکە بە گوریس دەبەسترێتەوە بە شێوەی بازنەیی تا توند دەبێت پاشان بە گرێیەک کۆتایی پێدەهێنیت.

٢/ **خولی لەبزینەیی، لاری (المعينية)** : بەکاردێت بۆ بەستنەوەی دوو دار لە شێوەی لاری(  ) گرێیەک لە داری یەکەم دەدەین پاشان هەردوو دارەکە دەبەسترێتەوە بە گوریس لەسەرەوە بۆخوارەوە و لە راستەوە بۆچەپ بە دەوری هەردوو دارەکەدا تاتوند دەبێت لە کۆتایی دا بە گرێیەک توندی دەکەین.

٣/ **خولی ڕێک ، گەیاندن (المستقيم)** : بەکاردێت بۆ بەستنەوەی دوو دار بەیەکەوە لە تەنیشت یەک بەمەبەستی درێژ بوون، گرێیەک لە داری یەکەم دەدەین و پاشان هەردوو دارەکە پێکەوە دەبەستینەوە بە گوریسەکە چەند خولێکی پێدەدرێت تا توند دەبێت لە کۆتایی دا گرییەکی لێدەدەین.

٤/ **خولی یەکتربڕ (المقص):** دوو دار بەیەکەوە دەبەسترێتەوە هەردوو دارەکە لە تەنیشت یەکتر دادەندرێت بە گوریسێک گرێیەک لە داری یەکەم دەدرێت پاشان خول بە گوریسەکە دەدرێت و دارەکەی تریشی پێدەبەسترێتەوە تا توند دەبێت و گرێیەکی لێدەدرێت، پاشان هەردوو دارەکە بە شێوەی یەکتر بڕ لەیەکتر جیا دەکرێتەوە لەو سەرەی کە پێکەوە نەبەستراوە.

**٥/ گرێی سیانی (الثلاثیة):** ئەم گرێیە بەکاردێت بۆ بەستنەووەی سێ دار بەیەکەوە گرێیەک لە داری یەکەم دەدرێت پاشان دارەکانی تریشی لەگەڵ دەبەسترێتەوە لە سەرێکەوە، دواتر سەرەکەی تر کە نەبەستراوە لەیەکتری جیا دەکرێتەوە، ئەم جۆرەیان بەکاردێت بۆ هەڵواسینی کەرەستە یان بۆ کاتی خواردن ئامادەکردن.

## فریاگوزاری سەرەتایی لە دێدەوانیدا

مرۆڤ زۆرجار شتێکی بەسەردێت کەبە ویستی خۆی نیە و چاوەڕوان نەکراو و کتوپڕە، هەربۆیە ئەگەر زانیاری هەبێت لەسەر چارەسەرکردنی دۆخەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەگەری هەیە ببێتە هۆی پاراستنی ژیانی مرۆڤێک، لێرەدا چەند جۆرێکی فریا گوزاری سەرەتایی باس دەکەین بۆ ئەوەی سودی لێوەربگری بۆ کاتی پێویست:

**١/ گازگرتن و پێوەدان ( العض و السعات )** : پێویستە ئەم کردارانە ئەنجام بدەیت :

- هەوڵبدە خوێن بەربوونەکە ڕابوەستێنیت لە ڕێگەی پەستان خستنە سەر برینەکە و بەستنی شوێنی سەروو برینەکە
- شوێنی برینەکە بە ئاوو صابون یاخود بە مادەی پاککەرەوە جوان بشۆ
- بە پارچە پەڕۆیەکی خاوێن جوان داپۆشە
- بیگەیەنە لای پزیشک
- سەرو خۆت ئاگادار بکەوە لە بوونی ئاژەڵەکە و گازگرتنەکە

**٢/ شکان ( الکسور )** : جۆرێکە لە جیابونەوەی ئێسک یاخود درز بردنی لە ئەنجامی زەبرێکی بەهێز یان کەوتنە خوارەوە لە شوێنێکی بەرز، نیشانەکانی شکان بریتین لە :

- ئازارێکی زۆر
- ئەندامە شکاوەکە شێوەیەکی نائاسایی دەبێت
- ئاوسانی شوێنی شکاویەکە و ئازارێکی زۆر لەکاتی دەست لێدانی
- جوڵەیەکی نائاسایی ئەندامە شکاوەکە

ئەو فریاگوزاریانەی لەکاتی شکاندا پێویستە ڕەچاویان بکەی:

- ئەو کەسەی توشی شکان بووە لە بارێکی ئاسودە دایبنێ (ئەگەر شوێنی پێکانەکە پشت یاخود مل بوو هەوڵمەدە بیجوڵێنیت)

- هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی مەدەرێ
- شوێنی شکاویەکە بە هیچ شتیک مەبەستە و پەستانی مەخەسەر
- هەوڵبدە ئەو پارچە قوماشەی لەسەر شوێنی شکاویەکەیە لای ببەی
- هەوڵبدە برینەکەی لە ئەنجامی شکانەکەوە دروست بووە ڕایبگریت بەو مادانەی تایبەتن بە ڕاگرتنی خوێنەکە.
- کیسەیەک سەهۆڵ بخەرە سەر شوێنی شکاویەکە
- فریاگوزاری (اسعاف) بانگ بکە

**٣/ چەمانەوەی جومگەی پێ ( الالتواء )** : واتە پێکانی ڕیشاڵی جومگەی پێ ، شێوەی پێکانی ئەو جومگەیە بریتیەلە :

- ئاوسانی شوێنی پێکانەکە
- لەکاتی جوڵانی جومگەکە ئازارێکی زۆری هەیە
- گۆڕینی ڕەنگی پێستی جومگەکە

چی بکرێت لە کاتی پێکانی جومگەی پێ:

- هەندێ سەهۆل دەکرێتە ناو کیسەیەک و دەخرێتە سەر شوێنی پێکانەکە
- سەرینێک یان شتیکی نەرم لە دەوری پێکانەکە دادەنریت و ئەپێچرێت
- بەرزکردنەوەی شوێنی پێکانەکە لە ئاستی لەش
- فریاگوزاری (اسعاف) بانگ بکە

**٤/ پێکانی سەر و مل و پشت ( الم الراس والرقبة والظهر )** : نیشانەکانی ئەم جۆرە پێکانە بریتیە لە تەنگەنەفەسی و بورانەوە و لەکارکەوتنی هەندێ لەو فرمانانەی کەپەیوەندیان بە شوێنی پێکانەکەوە هەیە.

- جوڵە بە کەسی پێکراو بەهیچ شێوەیەک ناکرێت
- ئەگەر خوێن بەربوون هەبوو هەوڵبدە ڕایبگریت
- هەوڵبدە پەیوەندی بە فریاگوزاری بکەیت
- نابێت هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی پێبدرێت

٥/ **بریندار بوون ( الاصابات )** : ئەگەر هاتوو بریندار بوونێکی گەورەبوو ئەوا پێویستە:

- کەسی بریندار پاڵدەخەیت بۆ ڕێگریکردن لە بورانەوە و کەوتن
- ئەو ئەندامەی بریندار بووە بەرز ڕایدەگریت
- هەوڵبدە خوێنبەربونەکە ڕابگریت بە هۆی پارچە قوماشێکی خاوێن بە پەستان خستنە سەر برینەکە
- بانگی پزیشک بکە بۆ سەر بریندارەکە

**خوێن بەربوون** ( النزف ) : خوێن بەربوون چەند جۆرێکی هەیە :

أ/ **خوێن بەربوونی خوێن بەرەکان** الوریدي: ئەم جۆرە خوێن بەربوونە لەو شادەمارانە ڕوودەدات کە خوێنی پاک ئەگوازێتەوە لە دڵەوە بۆ بەشەکانی تری لەش، کە ڕەنگی خوێنەکەی سورێکی کاڵە لەبەر ئەوەی خاوێنەو هەڵگری ئۆکسجینە ، بەشێوەیەکی بەهێز خوێنەکە دێتە دەرەوە لەبەرئەوەی لەژێر هێزی پاڵنەری دڵدایە، لەم کاتەدا پێویستە پەستان بخرێتە سەر برینەکە و ڕێگە لە خوێن بەربوون بگیرێت.

ب/ **خوێن بەربوونی خوێنهێنەرەکان** الشریاني : ئەم جۆرە خوێنبەربوونە لەو شادەمارانە ڕوودەدات کە خوێنی پیس لە ئەندامەکانی لەشەوە ئەگوازێتەوەبۆ دڵ، کە ڕەنگی خوێنەکەی سورێکی تۆخە چونکە هەڵگری دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە ، بە شێوەیەکی هێواش خوێنەکە دێتە دەرەوە لەبەر ئەوەی هێزی پاڵنەری دڵی ڕاستەوخۆ لەسەر نییە.

ج/ **خوێن بەربوونی مولولەکان** ( الاوعیة الدمویة ) : ئەم جۆرە خوێن بەربوونە لە مولولوکانی خوێندا ڕوودەدات کە لەسەرەتای ڕووداوەکە خوێن بەشێوەیەکی بەهێز دێتەدەرەوە بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر کە پێویستە پەستانی بخرێتە سەر تا خوێن بەربوونەکە ڕادەوەستێت.

جۆرەکانی خوێن بەربوون بە گوێرەی شوێن

أ/ **خوێن بەربوونی ناوەوە** ( نزیف داخلي ) : ئەم جۆرە خوێن بەربوونە کە لە ئەندامەکانی لەش بۆ نمونە ئەژنۆ و ئانیشک وکلۆت دا لە دیوی ناوەوەی لەش ڕوودەدەن نیشانەکانی بریتین لە :

- گۆڕینی ڕەنگی شوێنی خوێن بەربوونەکە
- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش
- لەکاتی جوڵان هەست بەئازدەکەیت

چارەسەری ئەم جۆرە خوێن بەربوونە پزیشک لە ڕێگای نەشتەرگەریەوە ئەنجامی دەدات.

**ب/ خوێن بەربوونی دەرەوە** ( النزف الخارجي ) : خوێن بەربوونی دەرەوە لەو شوێنانە ڕودەدات کە دەکەونە دەرەوەی لەش بۆ نمونە گازگرتن لە زمان و خوێن بەربوونی لووت.

لەکاتی چارەسەری خوێن بەربوونی دەرەوە پێویستە پەستان بخرێتە سەر شوێنی خوێن بەربوونەکەو یاخود بە کەرەستەی پزیشکی پاک بکرێتەوە و داپۆشرێت.